ئایدیا و ئارا ٦٣
گۆڤارێکی فکری، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٩) حوزەیرانی ٢٠١٣

# ئێلوار و تەنگەژەی رۆشنبیر

عەلی حسێن



لەیەکێک لەشەوەکانی جەنگی جیهانی دووەم، ناودارترین شاعیری فەرەنسا پۆل ئیلوار روناکی ماڵەکەی خۆی کوژاندەوە، لێ لەوکاتانەدا فڕۆکەکان دەستیان بەهێرش دەکرد و ئەمیش خەریکی نوسین بوو، ئەندێشەکانی خۆی تۆمار دەکرد وپرسیاری دەکرد، رۆشنبیر لەکوێی هەموو ئەمانەدایە؟ ئەمە لەساڵی (1941) دابوو دەیوت رۆشنبیرکێیە؟ رۆڵیان چییە؟ دەتوانن چ رۆڵێک ببینن. ئەم پرسیارانە ئالان مینک هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدات، لەکتێبێکدا بەناونیشانی مێژووی سیاسی رۆشنبیران کەچەند ساڵێک پێش ئێستا دەرچوو.

نوسەری فەرەنسی ئالان مینک دەڵێت «رۆشنبیری نوێ بەتێڕوانینی من لەسەدەی هەژدەدا لەدایکبوو، کاتێک خۆی لەهەژموونی دەسەڵاتی سیاسی و ستەمی کڵێسا دەربازکرد. لێ کۆمەڵگە بووە ئەو دەوروبەرەی تیایدا دەژی، رووبەرووبونەوەشی لەگەڵ دەسەڵاتدا شوناس وبواری داهێنانی دیاریدەکات. لێ رۆشنبیر لەجیهان ئیدەفکرێت وقسەکانی کرداری دەبێت.»

لەژێر ناونیشانی پارتی یەکەم مینک دەڵێت: «ئاتێستاش پارتی رۆشنبیران لەمێژووی ئێمەدا بەهێزترینن وبەهەمان پلە لەچاو رابردوودا هاوکاری یەک دەکەن».

نوسەر قسەکانی لەوەدا چڕکردوەتەوە کە هێزی رۆشنبیران سەرچاوە سەرەکییەکەی ئەوەیە، دەستەیەکی هاوکاری پێکدێنن و ئموحێکی هاوبەشیان هەیە خۆیان لەسەر شانۆی سیاسی ونیشتیمانی دەنوێنن.

ئەو وەرەقە سەرەکی و براوەیەی گەمەی لەسەر دەکەن، کارکردنیانە لەسەر رای گشتی. لێرەدا نوسەر ئاماژە بەقسەیەکی ڤۆلتێر دەکات، کەساڵی (1767) بۆ دالامبێر هاوڕێی نوسیوە دەڵێت ( رای گشتی حوکمی جیهان دەکات، بۆیە دەبێت ئێوەش حوکمی رای گشتی بکەن)

چارلز فریمان لەکتێبی (داخستنی ئەقلی ڕۆژئـاوا) دەڵـێـت (هـۆکـاری دارمانی ئەوروپا لەسەدەکانی ناوەڕاست، داخرانی ڕۆشنبیران بوو، بەسەر خۆیانداو وازهێنانیان بـوو لـەکـاروبـاری گشتی کەلەلایەن پیاوانی ئاینییەوە کۆمەڵگەوە بەڕێوەدەبرا، پشتێن پارێزی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە خۆی لەچالاککردنی ڕۆشنبیران دەبینێتەوە، بۆیە بۆچەندین سەدە ڕۆژئاوا داخراوبوو، پێش ئەوەی جارێکی تر ژیانی بۆبگەڕێتەوە.

سـاڵـی (1965)سـارتـەر لەکتێبی (داکۆکی لەڕۆشنبیران) سارتەر هەوڵی وەڵامـدانـەوەی ئـەو پرسیارە دەدات وپێناسەیەکی ڕۆشنبیر بکات. دەڵێت ئەوەی کەسێک دەکاتە ڕۆشنبیر ئەوەیە ئەوتوانایەیە کەدەتوانێت کایەی ئەنگی پسپۆڕی خـۆی جێبهێڵێت، ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە دەخالەتی شتێک دەکات، پەیوەندی بەوەوە نییە، توانای پەی بردن بەڕاستی هەیە. دەکرێت لێرەدا بپرسین: ئایا بانگەشەی سارتەر بۆ پێکهێنانی ڕۆشنبیری سیاسیە، یاخود وەڵامدانەوەی لۆژیکی پرسە ئاگرینەکانی ئەو سەردەمە بوو تا ئیمڕۆ؟ جا ئەگەر پەیوەندییەکە بەهێز بێت، یاخود سست بێت، ئەوا بێگومان ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەست بوونە مۆراڵییەیە کەبێ ئەوە ڕۆشنبیر بوونی نییە. لێرەدا دەپرسین: ڕۆڵی ڕۆشنبیر چیە لەکۆمەڵگەیەکدا نە ڕۆشنبیری تێدایە نە ئـارەزووی بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری ڕاستەقینەی هەیە؟ یاخود وەزیفەی ڕۆشنبیران لـەو کۆمەڵگەیانەدا چیە کەدەسەڵاتەکانی لەهەوڵی وێرانکردنی ئەقڵ وردووینەوەی ڕاستیەکان دەدات؟ وەڵام تەنها لە ئەفسانەی ڕاستەقینەدایە، کە سارتەر ئەقڵ وخامە وکەسایەتی خۆی پێبەخشیوە.

هێربرت مارکـۆزە کەهەندێک بە بزوێنەری شۆڕشی خوێندکارانی دادەنێن، باس لەڕۆشنبیری پەیوەسندار دەکات، کەبەرژەوەندی هەلپەرستانە بەنمونەیەکی مـۆراڵـی بـەرز دەگـۆڕێـتـەوە(لـەسـەر ڕۆشنبیر پێویستە، بـۆئـەوەی ببێت دەبێت ببێت، ڕووبـەڕووی کۆمەڵگەی باڵا دەست ببێتەوە، بە ئەڵتەرنالیڤێکی کۆمەڵایەتی ئـازادبـوو لەهەموو کۆت وبەندێک، ژیانێکی خـۆش و ئاسودە بۆ مرۆڤەکان دەستەبەربکات دوور لە وێرانی ونائارامی، جا مرۆڤەکان ڕەنگ و ڕەوش و بیروباوەڕیان هەرچی بێت ، ڕۆڵی ڕۆشنبیری پەیوەسندار دابەشکردنی ڕاستەقینەیە بەسەر مرۆڤەکان، بۆئەوەی چاویـان بـەسـەر ئـەوانـەدا بکرێتەوە، کەدەبێت وازی لێبهێنن، یاخود ئەوەی وەربیگرن.

ڕەنگە ئیلوار مەبەستی نەبووبێت بگاتە ناساندنی ڕۆشنبیر، ڕەنگە ئەوەی مەبەستی بووبێت ئەو جەنگە کۆتایی بێت کەلەئارێکیدایە، ئیتر شیعرەکەی تەواو دەکات و دەڵێت :

لـەژێـرخـۆردا لـەبـەرزی ئاسماندا

لەسێبەری خۆت دەرباز دەبیت.

بـەتـەنـها دەبـیـنـە هـەمـوو کـەس

هەقیقەتی تۆ کۆتایی نایەت.

کەی ڕۆشنبیر دەبێتە هەموو کەس؟

پرسیارێک پێویستی بەزیاتر لەنیشانەی پرسیارێک هەیە؟